# کارەکتەرێک ڕووبەڕووی نووسەرەکەی دەبێتەوە

کارۆخ فەهمی

هارۆڵد، فەرمانبەرێکی ئاسایی فەرمانگەی باجە، ژیانێکی یەک ڕیتم دەژی، ڕۆتینێک هەموو ڕۆژێک وەک یەک دووبارە دەبێتەوە. بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەستێ، ددانی دەشوا ژمارەی جوڵانی فڵچەکەی هەموو ڕۆژێک دەژمێرێ، سێوێک بە دەمەوە و هەنگاوەکانی تا گەیشتنە وێستگەی پاسەکە، ژیانێک کە هیچ شتێکی نوێی تێدا ڕوونادات. دیلی فایلە زۆرەکانی باج و کاتژمێرەکەی دەستییەتی. ئەو، هەموو شتەکانی بە پێی سیستێمێکی زەمەنی دیاریکراو ئەنجام دەدات، خەوتن، هەڵسان و ڕۆیشتن بۆ سەرکار، نانخواردن و کۆی ئیشەکانی تر بەپێی کاتژمێرەکەی دەستی ئەنجامدەدات. کاتژمێرەکە بەردەوام ئاگاداری دەکاتەوە، کە ئێستا کاتی ئەنجامدانی چ شتێکە.

لەپڕ ڕۆژێک لەکاتی ددانشۆردندا گوێی لە دەنگێک دەبێ، ئیدی لەو ساتەوە هەموو شتێک ئاڕاستەی ئاسایی خۆی وندەکات و تەنیایی و ئارامی خۆی


Will
Ferrell
Maggie
Gyllenhaal
Dustin
Hoffman
Queen
Latifah
Emma
Thompson
Stranger
than
Fiction
COLUMBIA PICTURES MANDATE PICTURES THREE STRANGE ANGELS
MANDATE MARC FORSTER WILL FERRELL "STRANGER THAN FICTION"
MAGGIE GYLLENHAAL DUSTIN HOFFMAN QUEEN LATIFAH EMMA THOMPSON
TOM HULCE BRIAN REITZELL MATT CHESSÉ KEVIN THOMPSON
ROBERTO SCHAEFER NATHAN KAHANE JOE DRAKE ERIC KOPELOFF
ZACH HELM LINDSAY DORAN MARC FORSTER
COLUMBIA PICTURES
SonyPictures.com
Harold Crick thought life had no point. That's about to change.

هەتا هەتایە لەدەست دەدات. دەنگێک لەسەرەتادا نازانێ کێیە و ئاوڕی ئەملاوئەولا دەداتەوە، بۆئەوەی خاوەنی دەنگەکە ببینێ، بەڵام لە دواییدا تێدەگات، کە ئەم دەنگە لەناو سەریدایە، نەک لە دەرەوە. دەنگێک، کە پێویستە هەموو مرۆڤێک لەناو خۆیدا بەدوایدا بگەڕێت، دەنگێک پێویستە بدۆزرێتەوە، تا لەناو بازنەی داخراوی ژیانە یەک ڕیتمەکانمان بچینە دەرەوە.
هارۆڵد، لە ڕاستیدا کارەکتەرێکی کاغەزییە، ئەمە وردە وردە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو لەناو ڕۆمانێکدا دەژی، کە ژنێکی ڕۆماننووس خەریکە دەینووسێت. ئەو دەنگەی، کە ناوە ناوە گوێی لێدەبێت، ورتەورتی ڕۆماننووسەکەیە لەگەڵ خۆیدا، لەگەڵ کارەکتەرەکەیدا. ڕۆماننووس، کە خەریکی ڕۆمانەکەیەتی، وشەکانی دەبن بە دەنگ و لە سەری هارۆڵدی ڕاستەقینەدا دەنگدەدەنەوە.
فیلمەکە لەدەوری کۆمەڵێک بابەتی، وەک ڕۆژگاری دووبارە، دیلی کار، تەنیایی، ژیانێکی گریمانەیی، کە دەکرێ بە ڕایەڵەیەکی نادیارەوە بەستراببێتەوە، دەسوڕێتەوە. ئەم ناچار بە بیرکردنەوە لە ژیانی خۆمان دەکاتەوە، کە دەکرێ ئێمەش کارەکتەری ناو چیرۆکێک یان ڕۆمانێک بین. دەکرێ ئێمەش بێ ئاگایی خۆمان، دیلی ئەو دەستە نادیارەبین، کە ژیانمان ئاڕاستە دەکات. یاخیبوون لە چارەنووس، ڕازینەبوون بە قەدەر و هەوڵدان بۆ گۆڕینی، پانتاییەکی فراوان لە فیلمەکە داگیردەکات. هارۆڵد ئەو کارەکتەرەیە، کە لە نووسەرەکەی یاخی دەبێت، هارۆڵد لە فەرمانبەرێکی ملکەچی گۆشەگیرەوە، دەبێت بە کەسێکی یاخی، کونجکۆڵ و ئەویندار. ئەو بڕیاری گەڕان بە دوای دەنگەکە و سەرچاوەی بڕیاری مەرگی خۆیدا دەچێت. دەیەوێت بزانێت، کە بۆچی پێویستە بمرێ، ئەوە کێیە یاری بە چارەنووسی دەکات.
هارۆڵد کارەکتەرێکە، مرۆڤێکە، لەیەککاتدا لە ژیانی ڕاستەقینە و ناو کتێبەکانیشدا دەژی. چی دەبێت ئەگەر نووسەر بڕیاری مردنی کارەکتەرەکەی بدات، لەکاتێکدا ئەو نووسەرە کۆی کارەکانی تراژێدین و کارەکتەر لە کۆتاییدا دەبێ بمرێت؟ چۆن کارەکتەرێک

دەتوانێ ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی ببێتەوە؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێ لە چارەنووسی خۆی هەڵبێت و بەرهەڵستی هێزی خولقێنەر بکات؟ ئەم فیلمە وەستانە بەرانبەر ئەو دەستەی یاری بە هەموو شتێک دەکات، ئەو نووسەر/خولقێنەرەی یاری بە چارەنووسی کارەکتەر/مرۆڤ دەکات.

ئەگەر دەنگێک، دەنگێک کە دەبێ متمانەی پێبکەی، پێت بڵێ: بەمزووانە دەمری، ئەو چەند ڕۆژە کەمەی ماوتە چۆن بەسەردەبەیت؟ ئەمە پرسیاری جەوهەریی فیلمەکەیە. فیلمەکە چەندین نامەی شاراوەی تێدایە بۆ بینەر، یەکێکیان ئەوەیە، کە پێمان دەڵێ هەموو ژیانت وا بژی، کە بەمزووانە دەمری. چێژ ببینە، با ئەمڕۆت لە بەیانی نەچێت، خۆشەویستی بکە، باش بە لەگەڵ خەڵکی، ئەو ساتە بژی کە تێیدای.

ئێمە چۆن دێینە دەرەوە لەو تەونە جاڵجاڵۆکەییەی کە بۆمان چنراوە؟ چۆن لەو داوانە دەردەچین کە لەسەر ڕێگەمانن؟ ئاخۆ دەتوانین جگە لەوەی لە چارەنووسمان، ژیانێکی تر بژین؟ ئاخۆ مرۆڤ مەحکومە بەوەی لە چارەنووسی هەڵنەیەت؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن، کە بینەر لەدوای فیلمەکە دەشێ لەخۆی بکات. یاخیبوون لە سیستێم، دەشێ نامەیەکی تری شارەوەی فیلمەکەبێ. مرۆڤ بۆئەوە نەهاتووەتە دنیا تا ملکەچی هێزە خۆسەپێنەکانی چواردەوری بێت.

بوێری، بەرەنگاریی، بەرهەڵستکاریی، ئەو هەڵوێستانەن کە کارەکتەری سەرەکی دەیەوێ دژیان بووەستێتەوە. ئەم فیلمە ئیشکردنە دژ بە ژیانی رۆبۆتی، دژ بە جووڵانی بانمرۆیی. تۆ کە مرۆڤی، مەهێڵە کەس ئاڕاستەی ژیانت دیاری بکات، مەهێڵە ببیت بە بووکەڵەی دەستی هێزێکی نادیار. ئەم فیلمە، کە دەنگێکی ڕەخنەگرانەیە لە مرۆڤی سەردەم، لە پابەندبوون و خووگرتن بە شتە بێبەها و نابووتەکان. چۆن لە چەرخی تازەدا مرۆڤ دەبێت بە دیلی دەستی کۆمەڵێک شتی بێنرخ و ناوەرۆک بەتاڵ. هاڕۆڵد، دیلی ئیشەکەی و پسولەی باجەکانی، پرۆفیسۆری ئەدەب دیلی تەلەفزیۆن

و کوپە قاوە زۆرەکانی. ڕۆماننووسەکەش دیلی جگەرەکەی دەستی و لاپەڕە پەرشەکانی، ئەم فیلمە هەموو ئەو بابەتانە ڕەخنە دەکات، کە مرۆڤی ئەمڕۆی زەلیل و وابەستەکردووە.
شتێکی سەرنجڕاکێش لە فیلمەکەدا هەیە، یاریدەدەری نووسەرەکە دەرگە لە کارەکتەر دەکاتەوە و ڕووبەڕووی نووسەر دەبێتەوە، نووسەر تووشی شۆک دەبێ، بەوەی هەموو وردەکارییەک لە کارەکتەری خەیاڵیدا هەیە، بێ کەموزیاد کارەکتەری ڕاستەقینە وادەردەکەوێ. واتە کۆی ئەو وردەکاریەی لە هاڕۆڵدی ڕاستەقینەدا هەیە، پێشتر ئەو لەسەر کاغەز وێنەی کێشاوە. بەوەدا ژنەی ڕۆماننووس دەکەوێتە دۆخێکی ناکاوگیر و سەراسیمە دەبیت بە بینینی هاڕۆڵد. لەوێدا بیر لەوەدەکاتەوە ئاخۆ بەهۆی کۆتاییە تراژێدییەکانی چەند کەسی تری، وەک هاڕۆڵدی کوشتبێ.
لێرەدا نووسەر تووشی ئازاری ویژدان دەبێ، وا هەست دەکا، هەموو ئەو تراژێدیانەی ئەو نووسیویەتی، لە ڕاستیدا کەسێکی واقیعی کووشتووە. ئەم حاڵەتە وا لە ڕۆماننووس دەکا ئەمجارە چارەنووسی کارەکتەرەکەی بگۆڕێ، کارێک بکا هاڕۆڵد نەمرێ، هاڕۆڵد ئەگەر لەسەر کاغەز نەمرێ، ئەوا لە ژیانی ڕاستیشدا نامرێ.
مەرگ و ژین لە فیلمەکەدا پلۆتی سەرەکییە. مەرگ، کە هەموو مرۆڤێک دەبێ ئەزموونی بکات، ژیانیش بە هەمان شێوە، ئاخۆ کامیان بایەخدارترە؟ هاڕۆڵد بە مردنی خۆی ڕازییە، دواجار دەچێتە لای خالقی خۆی و پێی دەڵێ: کتێبەکەت جوانە من قایلم بە مردنی خۆم. لێرەدا مردنی کاغەزی، مردنی خەیاڵی جوانتر دەردەکەوێ لە مردنی ڕاستەقینە. نووسەر کە بۆی دەردەکەوێت لە نووسینی هەر ڕۆمانێکدا کەسێکی کووشتووە، پەشیماندەبێتەوە لە کارەکانی پێشووی.
دیالۆگی کۆتایی لە نێوان یاریدەرەکەی و نووسەردا، زۆربەی گرێ ئاڵۆزەکان شیدەکاتەوە. یاریدەدەر پێیدەڵێ، کە هاڕۆڵد جگە لە کارەکتەرێکی خەیاڵی هیچی تر نییە، کوشتی ئەو کاریگەری نابێ لەسەر ڕۆمانەکەی، بەڵام نووسەر ئەم وشانەی بە مێشکدا ناچێت،

بڕیــاری گۆڕینی کۆتایی ڕۆمانەکەی دەدات بــەوەی نەهێڵێ هاڕۆڵد بمرێ، کۆتایی ڕۆمانەکەی دەگۆڕێ و وادەکا هاڕۆڵد ئەو ژیانە بژی، کە خۆی دەیەوێت، نەک ئەوەی کە نووسەر بۆی دیاری دەکات.
مــرۆڤ کە مردنێک قــەرزدارە، مردنێک کە لەڕێــی هەمووانە، ئاخۆ چۆن خۆمان بۆ ئەو مردنە ئامادە دەکەین؟ بێباک و گوێنەدان بەهیچ بەهایەک، یان شــەرفەندانە و بەردەوامبوون لەســەر ریتمی پێشوو؟ ئاخــۆ کە ئێمــە دەزانین بەم نزیکانە دەمرین، دەبێ هەموو بەهاکان ژێرپــێ بخەین؟ دەبێ لــە پێناوی مەرگدا هەموو شــتێک فەرامۆش بکەین؟ پرۆفیســۆری شــارەزای ئەدەب بە هاڕۆڵد دەڵێ: کە دەبێ بمرێ، بۆئەوەی شاکارێک لەدایک ببێت، بەڵام لە کۆتاییدا تێدەگەی ژیــان لە مــردن بەهادارترە. ژیان بــە هەمــوو دووبارەبوونەکانیەوە هێشــتا ناگا بە قولەپێی مردن. بژی، بۆئەوەی لە ڕۆتین و لە ڕۆژە لەیەکچــووەکان دەرچیــت، بۆ ئەوەی ڕۆژانێــک ئەزموون بکەی، کە خالیق تێپەڕێنی، بۆئەوەی خۆت ببیت بە دروستکاری ڕۆژانی خۆت.
لــە کۆتایی فیلمەکەدا، هاڕۆڵد دەچێتە لای ئەو ڕۆماننووســەی، کە ئەوی خولقاندووە، پێی دەڵێ: ڕۆمانەکەت ئێجگار جوانە، کتێبەکەتم خۆشویست. هاڕۆڵد لە پێناو مردنێکی خەیاڵی ناو ڕۆمانەکە ئامادەیە بــە مردنی ڕاســتەقینە. لــە کۆتاییدا تەواو خۆی ئامــادە دەکات بۆ مردن. پێیوایە کە نووســەر دەستنووســەکە چــاپ دەکات و لەگەڵ دواهەمیــن خاڵی ڕۆمانەکە، ئەویش دەمرێت، بەڵام پێچەوانەی کۆی ئیشــەکانی تری، ڕۆماننووس ئەمجارە ژیانــی کارەکتەرەکەی ڕزگار دەکات.
مەرگ و ژیان، تراژێدیا و کۆمێدیا، پابەند و بێباک، ئەو دوالیزمانەن، کە فیلمەکە کاریان لەســەر دەکات. ژیانی مرۆڤ دابەشبووە بەسەر ئــەم دژیەکانــەدا، مرۆڤ ناتوانــێ تەنیا یەکێکیــان ئەزموون بکات و ئەویتریــان فەرامــۆش بــکا، بەڵکو چێژی ژیــان لەوەدایە، کە بە هــەردوو قۆناغەکــەدا تێپەڕین. لەدوای بینینی ئــەم فیلمەدا بیرمان لای ئەوەیــە، کە ئاخــۆ ئێمەش دەبێ کارەکتەری چ چیرۆکێک بین، ئاخۆ ناتوانین جگە لەو ڕۆڵەی بۆمان دیاریکراوە نمایشێکی ئازادانە

بکەین؟ ئاخۆ پێشتر هەموو شتێک بڕیاری لەسەر دراوە و ئێمە ئیدی ناتوانین دەسکاری هیچ شتێک بکەین؟ ئاخۆ هیچ هەڵبژاردەیەک لەبەردەم مرۆڤدا نییە و دەبێ ملکەچی پێدراوەکان بێت؟ یانیش دەتوانێ بەرەنگاریی بکا، هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەی بڕیارەکان بدا، خالق بدۆزێتەوە، ببێت بە دروستکاری خۆی. بە شێکی گەورەی فیلمەکە بەڕای من، ئیشکردنە لەسەر خۆبنیاتنان، بەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی بێ پرسیار نەبێ، بەڵکو بە دوای ئەو دەنگانەدا بگەڕێت، کە دەخوازن ژیانی ئاراستە بکەن.

فیلمەکە بە ریتمێکی خێرا لەگەڵ میوزیکێکی گونجاو بەرەو پێشەوە دەچێت. دیمەنەکان لەگەڵ باڵەخانە و شەقامەکانی شیکاگۆ پتر بینەر وابەستەی فیلمەکە دەکەن. خۆشەویستی و تێکەڵبوونی کۆمێدیا و تراژێدیا وادەکەن بە شاشەکەوە بنووسێیت و چاو لە سکرینەکە نەترووکێنی.

ئەم فیلمە پتر ئەوانە چێژی لێدەبینن، کە خوێنەری وێژە، ڕۆمان و چیرۆکن، یاخود خۆیان لەم بوارەدا کاردەکەن. بەوەی بەردەوام لەگەڵ ئەدەب و دنیای ڕۆمان و کتێبدا پێبەپێ هەنگاو دەنێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فیلمێکە شایەنی بینینە، بۆ هەموو جۆرە بینەرێک دەگونجێ، چونکە میوزیک و ریتمە کۆمێدیەکەی، وادەکەن کە لە سەیرکردنی بێزار نەبین.